


# چرای سیحریی

## یادەوەرییەکانی دەرهێنەری بەنێوبانگی سوێدی
## ئینگمار بێریمان

**وەرگێڕانی**

**دلاوەر قەرەداغی**

## بەشی یەکەم

که لەساڵی **1918** دا لەدایکبووم، دایکم دووچاری ئەنفلۆنزای ئیسپانیایی* ببوو، من لەبارێکی نالەباری تەندروستیدا ببووم و هەر لەنەخۆشخانەش ناونرابووم. ڕۆژێکیان پزیشکی خێزانیمان سەردانی کردبووین و کاتێ بینی بوومی، گوتبووی:" ئەم منداڵە لەوەدایە لە بەدخۆراکیدا بمرێت." نەنکم لەگەڵ خۆیدا بۆ خانووە هاوینییەکەی خۆی لە (دالارنا)** برد بووم، لەمیانەی سەفەرەکەمان بە قیتار کە ئەوکات یەك ڕۆژی تەواوی دەخایاند، چۆرەکی تەڕ کردبوو بە ئاو و بە دەممەوەی کردبوو. کە سەرەنجام گەیشتبووینە ئەوێ، ئیتر من لەسەر لێواری مردن ببووم. بەڵام نەنکم توانی بووی دایەنێك لە گوندێکی نێزیك پەیداکات، ئەو دایەنە ژنێکی میهرەبان و پرچ زەرد بوو، لەراستیدا گەرچی تەندروستیم باشتر ببوو بەڵام هێشتا هەر ڕشانەوە و زگ ئێشەی بەردەوام بەریان نەدابووم.

جگە لەوەش یەك ڕیز نەخۆشیی سەیر سەیر بەرۆکیان گرتبووم و نەمتوانی بوو بڕیار بدەم کە چما دەخوازم بژیم یان نا. ئەلعان دەتوانم مەزەندەی وەزعی خۆم لەوکاتەدا بکەم: بۆنی ناخۆشی  ئارەقەی جەستە، جلکی شێدار و کۆن، ڕۆشنایی کزی چراکانی شەو، دەرگای تۆزێك کەلاکراو کە دەچۆوە سەر ژوورێکی دی، پرخە پرخی دایەنی نوستوو، تەپەی پێی هەنگاونانی پەلە، دەنگی چپە چپ و پێچەوانە بوونەوەی تیشکی خۆر لەسەر سوراحییە شووشەییەکە. ئەلعان دەتوانم هەموو ئەوانە وەیادبێنمەوە، بەڵام چ ئاسەوارێکی ترسم لەیاد نییە. ئەوە دواتر بوو کە ترس هات.

ژووری موبەق دەیڕوانی بەسەر: داڵانێکی تاریکی دیوار بەرزی بەخشت هەڵچنراو، ئاودەستی دەرەوە، بەرمیلی خۆڵ، مشکگەلی قەڵەوو قولاپی هەڵخستنی بەڕە و فەرش.

---

* ساڵی **1918** پەتایەکی سەخت رووی کردە سوێد، بە هۆی ئەوەوە کە وامەزەندە دەکرا لە ئیسپانیاوە هاتبێ بە ئەنفلۆنزای ئیسپانیایی ناودەبرا. ئەو پەتایە پێشتر ملوێنەها خەڵکی لە ئەوروپا مراندبوو، کە بەرەو سوێدیش هات لە ساڵانی **1918**، **1919** و **1920** دا هەزلرەها قوربانیی خستەوە. و. کوردی

** هەرێمێکی باکووری خۆرئاوای سڤیەلاندە، نزیکەی لە سەدا حەوتی هەموو خاکی سوێدی گرتۆتەوە و هەنووکە **278 000** دانیشتووی هەیە. و. کوردی

لەسەر ئەژنۆی یەکێك دادەنیشتم و ئەویش شۆربای لە دەفرێکدا دەکرد بەدەممەوە کە لەسەر سفرەیەکی ڕەساسیی لێوار سوور دانرابوو. مینای دەفرەکەش سپیی و گوڵی شینی لەسەر وێنەکێشرابوو کە ڕوناکیی کزی پەنجەرەکەی پێچەوانە دەکردەوە. لەمیانەی خۆجوڵاندنم بۆ پێشەوە و بەملاولادا چەند جۆرێکی جیاوازی گۆشەی بینینم ئەزموون دەکرد. لەکاتێکدا کە سەرم دەجوڵاند، تیشکە پێچەوانەبووەکانی سەر دەفری شۆرباکەش دەگۆڕان و شێوەیتر دەخولقان. کوتوپڕ بەسەر هەموو ئەوانەدا دەڕشامەوە.

دەشێ ئەمە ئەووەڵین یادەوەرییم بێ: خێزانەکەمان لەنهۆمی یەکەمی سەری کۆڵانی نێوان خێپارگاتان و ستورگاتان دا نیشتەجێ بوو.

پاییزی ساڵی **1920** ، گواستمانەوە بۆ ڤێللاگاتان ی بیست و دوو لەئۆستێرمالم. بۆنی تازەی بۆیاخ و بۆنی عەردی تەختەیی تازە پۆلیشکراو خانووەکەی تەنیی بوو. ڕەنگی ڕاخەری ژووری منالّ لەو خانووە نوێیەدا زەرد و پەردەی ڕووناك بە نیگاری سوارەی قەلاّو گوڵی مێرغوزارەوە. دایك دەستی نەرم و کاتی بۆ گێڕانەوەی حەکایەت دەرەخساند. باوك بەیانییەکیان لە نوێنەکەی هاتە دەرێ و پێی نا بە قەدعەکەدا، ئەوسا بە دەنگی بەرز کەوتە جنێودان. دوو کیژۆڵەی دالارنایی لە موبەقەکە نیشتەجێ بوون کە زۆر جاران دلاّسوودە گۆرانییان دەچڕیی. ڕێك لەژوورەکەی لای دەرگای حەوشەوە کچێکی هاوتەمەن و هاوگەمەی خۆم دەژیا کە ناوی ( تیپان ) بوو. وی کیژێك بوو سەرچڵ و خاوەن خەیاڵێکی چڕ و پڕ. من و ئەو کیژە، ئەندامەکانی لەشی خۆمان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکرد و جیاوازی سەیر و سەرنج ڕاکێشەرمان تێیاندا دەدۆزییەوە. ئیدی ڕۆژێکیان کەسێك بەسەرداهات و گرتینی، بەلاّم هیچی نەگوت.

کە خوشکەکەم لەدایك بوو من تەمەنم چوار ساڵان بوو، ئیدی بارودۆخەکە بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا: کوت و پڕ مەخلۆقێکی قەڵەو و جیاواز کەوتە بینینی ڕۆڵی سەرەکیی. من لەنوێنەکەی دایە دوور خرامەوە، بابم بەو بوخچە گرینۆکە شاگەشکە بوو، ئیدی شەیتانی حەسەد چنگاڵی بە دڵمدا کرد، هەڵدەچووم، دەگریام، میزو گووم

لەسەر عەردەکە دەکردن و خۆم پیس دەکرد. من و برا گەورەکەم، هەردوو دوژمنە ئەزەلییەکەی تینوو بەخوێنی سەری یەکتر، ئاشت بووینەوە و کەوتینە پلاندانان بۆ کوشتنی ئەو مەخلۆقە قێزەوەن و تووڕەهاتە. لەبەر هۆیەك لەهۆیەکان براکەم پێی وابوو وا شیاوترە من خۆم پلانەکە جێبەجێکەم. من لەوەوە بوغرا بووم و ئیدی هەردووکمان بە دوای دەرفەتێکی گونجاودا کەوتینە گەڕان .

لەپاش نیوەڕۆیەکی بێدەنگ و خۆرەتاودا کە پێم وابوو بە تەنێ لەماڵەوەم، بەپێ دزکێ خۆم کرد بەژوورەکەی دایك و بابدا، لەوێ مەخلۆقەکە لە زەمیلە پەمەییەکەیدا نوستبوو. کورسییەکم ڕاکێشایە پێشێ و چوومە سەری، لەسەر کورسییەکەوە لە ڕوخساری ئاوساو و دەمە لیکاوییەکەیم دەنۆڕی. براکەم سەبارەت بەوەی کە چۆن کارەکە ئەنجامدەم ڕێنوێنیی تەواویی کردبووم، بەڵام من خەراپ لە موچیارییەکانی حاڵیی ببووم. لەبری ئەوەی دەست بنێمە بینیی، قەفەسەی سینگیم گوشی. ئیدی یەکەندەردوو لەگەڵ زریکەیەکی جەرگبڕدا بەئاگاهاتەوە، دەستم نایە سەر زاری، چاوە شینە پاکژەکانی خێل و زەق بوونەوە، هەنگاوێکی ترم بۆ پێشەوەنا تا باشتر لەقەرەی بێم، بەڵام قاچم هەڵەنگاوت و کەوتمە سەر عەردەکە.

وەبیرمدێتەوە ئەم کارە ڕایەڵ بوو بەچێژێکی بەهێزەوە کە دواتر خێرا گۆڕا بە ترس.

بەسەر وێنەکانی منالییدا دادەنەومەوە و بە زەڕەبین لە ڕوخساری دایکم ورد دەبمەوە، هەوڵدەدەم لەمیانەی هەستە پەرتەوازەبووەکانەوە خۆم بگەیەنمە قوڵاییی. با ... من ویم خۆش دەویست. دایکم ئەوەتا لە وێنەکاندا گەلێك سەرنجڕاکێشە: پرچی پڕی لەناوەڕاستا شانەکراو و قژی کەوتوو بەسەر هەنییە پانەکەیدا، روخسارێکی سپیی نەرم، دەمێکی شەهوانی ئاشنا، برۆیەکی وەستایانە ئەفرێنراو، دوو دەستی گچکە و بەهێز.

دڵی چوارساڵانەم خەریك بوو لەئەڤینێکی سەگانەدا دەتوایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی نێوانمان پەیوەندییەکی هاسان نەبوو. ئاخر وەفادارییم بۆی بێزار و تووڕەی دەکرد، ئەڤین و هەڵایسانم بەرامبەری نیگەرانی دەکرد. زۆر جاران بە نەغمەیەکی سارد و گاڵتەجاڕییانە لەخۆی دەتاراندم. ئیدی لە نائومێدیی و لەتوڕەییدا دەمدایە قوڵپی گریان. پەیوەندیی ویی بە براکەمەوە هاسانتر بوو، لەبەرئەوەی دەبوو دایکم بەردەوام براکەم لەبابم بپارێزێ کە بەزەبر و زەنگێکی زۆر پەروەردەی دەکرد، ئەو دارکاریکردنە دڕندانەیە ببووە جەدەلی هەمیشەیی و بەردەوامی نێوانیان.

ورده ورده پەیم بەوە برد کە نۆرە سەرسامیی گا ناسك و گا شێتانەم بەرامبەر دایکم کاریگەرییەکی کەمی هەیە. ئیدی خێرا کەوتمە خستنە کاری ڕەوتارێك کە دەشێ دڵخۆشیکا و سەرنجی بەلایدا ڕاکێشێ. ئەوە نەخۆشیی بوو کە یەکەندەردوو هەستی وی دەبزوواند. ئەو کاتەی کە منالێك بووم بە نەخۆشیی درێژخایەنەوە، ئەوە ڕێگەیەکی ئازاراویی بەڵام بێ ئەملاولا بوو بۆ خۆگەیاندنە نێو ئامێزی سۆزی وی. بەڵام هەر زوو بەدرۆوە خۆ نەخۆشخستنم بەرهەڵدادەبوو ـــ ئاخر دایکم سیستەرێکی بەئەزموون بوو، ئەو جۆرە فرتوفێڵانەی بەسەردا تێنەدەپەڕین ـــ ئیدی ئەوجا سزایەکی حیسابیی دەدام.

ڕێگەیەکیتر هەبوو بۆ سەرنج ڕاکێشانی، بەڵام ڕێگەیەکی پڕ مەترسی تر بوو: بۆم ساخ ببۆوە کە دایکم بەرگەی بێ باکیی و خەم ساردیی ناگرێ، ئاخر ئەوانە چەکی خۆی بوون. فێری ئەوە بووم کە پێ بنێم بەسەر هەست و سۆزی بەکوڵمدا و بکەومە وازی کردنی گەمەیەکی سەیر کە یەکەمین بنەماکانی سەرچڵیی و ساردوسڕیی بوون. هەموو ئەو شتانەم بیر نین کە ئەو کات کردمن، بەڵام ئەڤین لە ئەفراندنا بلیمەتە و منیش لەوبارەیەوە بەخێرایی توانیم سەرنجی وی بەلای هەستی ناسکمدا ڕاکێشم.

قورستترین کێشە بەتەنێ ئەوە بوو کە هەرگیز هەلومەرجی ئەوەم بۆ نەڕەخسا نهێنیی گەمەکەم بەرهەڵداکەم، دەمامك فڕێدەم و بە ئەڤینێکی دوو جەمسەرییەوە ڕایەڵ بم.

دوای ساڵانێکی زۆر و دوای ئەوەی دایکم بەهۆی سەکتەی دووەمین جاری دڵەوە لە نەخۆشخانە کەوت، لەبارەی ژیانمانەوە کەوتینە قسان. لەبارەی عەزابی منالییمەوە بۆی

دووام و ئەویش پێی لەوەنا کە ئازاری بەوە چەشتووە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە من بۆی چووم. گێڕایەوە کە نیگەرانیی خۆی لەوبارەیەوە بۆ پزیشکێکی بەنێوبانگی منالآن گێڕاوەتەوە و ئەویش بەحیرسەوە ئاگاداری کردۆتەوە کە خۆی واتەنی ( بیانووەکانی خۆنەخۆشخستن ) م ئەفەرۆزکا. هەروا ئەو پزیشکە دایکمی ئاگادارکردبۆوە کە هەر سازشکردنێك بەرامبەرم ڕەنگە بەدرێژایی ژیانم زەرەرمەندم بکات.

بە ڕوونیی یادەوەری سەردانێکی ئەو پزیشکەی منالآنم لەبیرە. هۆی ئەو سەردانە ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەوەشدا من تەمەنم گەییبووە شەش ساڵان، کەچی ملم بۆ قوتابخانە چوون نەدەدا. ناچار بەزۆرەملێ بەرەو پۆلی خوێندن کێشیان دەکردم یاخود هەڵیاندەگرتم و منیش لەترسا دەکەوتمە هاوارهاوار. ئیدی هەرچیم بینیبا بەسەریدا دەڕشامەوە. ئەوجا لەسەرخۆ دەچووم و بەلانسم تێك دەچوو. سەرەنجام سەرکەوتنم وەدەست دەهێناو چوون بۆ قوتابخانەم دوادەخرا، بەڵام دیدەنیکردنی ئەو پزیشکەی منالآن شتێك بوو بێ چەند و چوون.

پزیشکەکە ڕیشێکی پڕی هەبوو، کراسێکی یەخە درێژی لەبەردا و بۆنی سیگاری لێ دەهات. پانتۆڵەکەمی ڕاکێشایە خوارێ، زەکەرە چرچۆڵەکەمی بەدەستێکی گرت و بە پەنجەی دۆشاومژەی دەستەکەی تریشی، سێ گۆشەیەکی لەسەر ناوگەڵم کێشا. ئەوجا بەدایکمی گوت کە پاڵتۆیەکی فەرووی ڕیشاڵدار و کڵاوێکی سەوزی تاریکی چارشێوداری پۆشیبوو لەدوامەوە دانیشتبوو:" لێرەدا ئەم کوڕە هێشتا هەر منالّ دیارە!"

دوای ئەوەی لەسەردانی پزیشك گەڕاینەوە ماڵەوە، بیجامە زەردە کاڵە چمك سوورەکەیان لەبەرکردم کە وێنەی پشیلەیەك لەسەر گیرفانەکەی چنرابوو. بابۆڵەیەك و نسکافێیەکی گەرمیان دامێ. پاشان بۆ ژووری منالّەکە رۆیشتم کەسەرلەنوێ داگیری کردبۆوە، براکەم سورێژەی گرتبوو لەشوێنێکی تر دەژیا ( هەڵبەت لەخوام دەویست بمرێ، ئاخر ئەو نەخۆشییە لەو دەور و زەمانەدا نەخۆشییەکی خەتەرناك بوو). عارەبانە

دارینەیەکی تایە سووری تەل زەردم لە دۆلابی یارییەکان دەرهێنا و ئەسپە دارینەیەکم لێ بەست. ئیدی هەڕەشەی قوتابخانە لەبەختەوەریی سەرکەوتندا بووە یادەوەرییەکی خۆش.

ڕۆژێکی زستانی ساڵی **1965** دایکم تەلەفۆنی بۆ شانۆ کرد و پێی ڕاگەیاندم کە بابم داخڵی خەستەخانە کراوە و بڕیارە نەشتەرگەریی بۆ بڕینی لوویەکی پیس لە گەروویدا بکرێ. داوای لێکردم بچم و سەردانی بکەم. منیش وەڵامیمدایەوە کە نە تاقەتم هەیە و نە کات، پێیمگوت کە من و بابم چ شتێکمان نییە بەیەکدی بڵێین، پێیمگوت کە بابم ئینسانێکە هەست بەهیچ شتێك ناکەم بەرامبەریی و بەدڵنیاییشەوە ڕەنگە لەنێو نوێنی ئەگەری مردندا، بەو سەردانە ببمە مایەی ترس و شپرزەیی بۆی. کە وامگوت دایکم تووڕە بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بڕۆم. منیش هەڵچووم و داوام لێکرد هەوڵنەدات ناچارم کات. ئەو ناچارکردنە ئەبەدییە: ( دەتوانیت لەبەر خاتری من ئەوە بکەیت.) دایکم ئیدی تەواوێك تووڕە دای لەقوڵپی گریان، منیش ئاماژەم بەوە کرد کە هەرگیز فرمێسك کاری تێنەکردووم. وامگوت و بەتوندی تەلەفۆنەکەم بە ڕوویدا داخستەوە.

هەمان ئێوارە من لە شانۆ مابوومەوە، چوومە سەر تەختەی شانۆ و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەدووام، پاشان ژمارەیەك بینەر خۆیان کرد بەهۆڵەکەدا کە بەهۆی بارێزەوە دواکەوتبوون، زیاتر لەژوورەکەمدا مامەوە تا ئیش لە دیمەنێك لەشانۆنامەی ( لێپێچانەوە ) ی ( پێتەر ڤایس ) دا بکەم.

زەنگی تەلەفۆن لێدرا، ژنە فەرمانبەری بەدالە ڕایگەیاند کە خاتوو بێریمان لەخوارەوەیە و دەیەوێ قسان لەگەڵ بەڕێوەبەری شانۆدا بکا. لەبەر ئەوەی ژمارەیەك خانمی بێریمان ناو هەبوون، بۆیە من بەمۆنییەکەوە پرسیم مەبەستی کام خاتوو بێریمانی نەفرەتییە. خانمی

بەداله بەترسەوە وەڵامیدایەوە کە ئەوە خاتوو بێریمانی دایکی بەڕێوەبەری شانۆیە دەیەوێ هەر ئەلعان لەگەڵ کوڕەکەیدا بئاخڤێ.

چووم بەپیر دایکمەوە کە ئەویش بەو بارێزەیە خۆی گەیاندبووە شانۆکە. هێشتا بەهۆی گوشاری خوێن و بێ هێزیی دڵ و تووڕەییەوە هەناسەبڕکێی بوو. داوام لێکرد دانیشێ و پرسیارم لێکرد کە چما دەخوازێ کوپێك چای بۆ بێنم. وی وەڵامیدامەوە کە ناخوازێ دانیشێ و چ ئارەزوویەکیشی لە چا خواردنەوە نییە. مەبەست لە هاتنەکەشی ئەوەیە کە هەمدیس هەمان ئەو وشەگەلە توندوتیژ و بێ بەزەیی و دڵ ڕەقانەیەی بەگوێدا بدەمەوە کە بەیانی هەمان ئەو ڕۆژە بە تەلەفۆن پێیم گوتبوو. دەیویست بزانێ ڕوخسارم چۆن دەنوێنێ کاتێ لە دایك و بابم حاسیی دەبم و سوکایەتییان پێدەکەم.

بەفری سەر ئەو مەخلۆقە گچکە فەروو پۆشە تووابۆوە و چەند پەڵەیەکی تاریکی لەسەر کومبارەکە خولڤاندبوو. تا بڵێی ڕەنگی پەڕیبوو، چاوانی لەتووڕەییدا ڕەش دەچوونەوە و گوێیشی سوور.

ویستم ئامێزی پێداکەم و ماچیکەم، بەڵام پاڵێکی پێوەنام و شەپازللەیەکی لێدام ( ئاخر دایکم هێند وەستایانە شەپازللەی دەوەشاند کە وێنەی نەبوو، زللەکە خێرا وەکی بروسکە دادەبەزیی، بە دەستی چەپیشی دەیوەشاند کە هەردوو ئەنگوستیلەی قورسی شوو کردن لەپەنجەکانیدا و ئازارێکی بەسوێی دەبردە دڵەوە ) من پێکەنیم و دایکیشم دای لەکوڵی گریان و نازدارانە بەسەر کورسییەکی نزیك مێزی وتووێژدا هەرەسی هێنا، ئەوجا بەدەستی ڕاستی ڕوخساری حەشاردا و بە دەستی چەپیشی لە جانتاکەیدا بە دوای دەسەسڕدا گەڕا.

لەپاڵیدا دانیشتم و دڵنیام کردەوە کە بێگومان سەردانی بابم دەکەم، هەروا پێمگوت کە لەوەی گوتوومە ژێوانم و لەدڵیشەوە تکام لێکرد بمبوورێ.

بەتوندی ئامێزی پێداکردم و گوتی: ئیدی لەمەودوا زۆرم بۆ ناهێنێ.

هەموو ئەو شتانە لە سێ شەممەیەکدا ڕوویاندا. لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوودا، ناسیاوێکی خێزانەکەمان، کە لەمیانەی لەخەستەخانە کەوتنی بابمدا لە لای دایکم دەژیا، تەلەفۆنی کرد و داوای لێکردم دەسبەجێ بچم بۆ لای، لەبەرئەوەی تەندروستی دایە گەلێك خەراپە، پرۆفیسۆر ( نانںا سڤارتز) ی پزیشکی دایەش بەڕێوەیە بگاتە ئەوێ و هەروەها گوتی لەچاوتروکانێکا نەخۆشییەکە لێیداوە. بەپەلە خۆم گەیاندە ستۆرگاتان ی حەوت. پرۆفیسۆر دەرگاکەی کردەوە و یەکسەر پێیگوتم کە چەند دەقیقەیەك پێشتر دایکم مردووە.

هێند حەپەسام کە دامە کوڵی گریان و نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ کەم. خێرا ئەوە گوزەشت، پزیشکی پیر بە بێدەنگیی ڕاوەستاو و دەستی گرتبووم. خۆم هێور کردەوە، وی گێڕایەوە کە هەموو شتەکان تا ڕادەیەك بەخێرایی ڕوویانداوە، دوو نۆرە دڵ لێیداوە کە هەریەکەیان نزیکەی بیست دەقیقەی خایاندووە.

لەحزەیەك دواتر و ئیدی من لەو نهۆمە بێدەنگەدا بەتەنێ لەگەڵ دایکمدا مامەوە.

بەجلکی فلانیلی نووستن و چاکەتە بلوسێکی شینەوە لەسەر سیسەمەکەی درێژ ببوو. کەمێك ڕوخساری کەوتبوو بەلاداو تۆزقاڵێك دەمی کردبۆوە. ڕەنگی پەڕیوو سێبەر گەمارۆی دەوری چاوانی دابوو. هێشتا قژە ڕەشەکەی باش شانەکراو بوو- نا ئیدی قژی ڕەش نەیدەنواند، بەڵکو ماشوبرنجیی و لەو ساڵانەی دواییشدا بە کورتیی دەیهێشتەوە. بەڵام وێنەکانی نێو یادەوەرییم دەڵێ دایکم قژی ڕەش بووە، دەشێ تاڵگەلی ماش و برنجیی تێدا بووبێ. دەستەکانی لەسەر سینگی دانابوون، پلاستەرێکی چکۆڵەش بە پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپییەوە.

کوتوپڕ ژوورەکە تژیی بوو لەهەتاوێکی بەتینی زستانە. کاتژمێرە چکۆڵە زەنگدارەکەی پاڵ سیسەمەکە بە پەرۆشەوە دەیچرکاند.

پێم وابوو دایکم هەناسە دەدا، پێم وابوو سینگی بەرزدەبێتەوە و گوێم لە دەنگی هەناسەدانێتی، پێم وابوو پێڵووەکانی دەتروکێن، پێم وابوو وی نوستووە و هەر ئەلعان بەئاگادێتەوە: گەمەی فێڵاوییانەی باو لەگەڵ واقیعدا.

چەند سەعاتێك لەوێدا دانیشتم، زەنگەکانی کڵێسای ( هێدڤیگ ئیلێنورا ) وادەی نوێژیان ڕاگەیاند، ڕووناکییەکە گۆڕا، دەنگی پیانۆ دەهاتە گوێ کەلەجێگەیەکەوە دەژەنرا. پێم وانییە تازیەبار بووبم، پێم وانییە بیرم کردبێتەوە، پێشم وانییە کە تەنانەت چاودێری خۆم کردبێ یاخود ڕۆڵێکم بینیبێ _ مەبەستم لەو نەخۆشییەی پیشەیە کە دلڕەقانە لەژیاندا بەدوامەوە بووە و زۆر جاران قووڵترین ئەزموونەکانی دزیوم یان درزی تێ بردووە.

زۆر شتم لەو سەعاتانە بیرنایەتەوە کە لە ژوورەکەی دایکمدا بەسەرم برد. شتێك کە بە تۆخیی وەبیرم بێتەوە پلاستەرەکەی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپییەتیی.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەردانی بابم لە خەستەخانە کرد و هەواڵی مردنی دایکم پێدا. بە سەرکەوتوویی نەشتەرگەرییەکە بۆ بابم کرابوو، هەروەها لە هەوکردنێکی سییش قوتاری ببوو. هەنووکە لەسەر کورسییەکی شینی ژووری خەستەخانەدا، ڕۆبەکەی بەیانیانی لەبەردا، جوان پۆش و ڕیش تەراشکراو دانیشتبوو، دەستە درێژە لاوازەکەی بە دەسکی گۆچانەکەیەوە گرتبوو. ورد سەرنجیدام، چاوانی ڕۆشن و ئارام و کراوە، دوای ئەوەی هەموو ئەوە شتانەم گێڕانەوە کە دەمزانی، ئەو تەنێ سەری راوەشاند و داوای لێکردم بەتەنها جێی بێڵم.

زۆرترین پەروەردەبوونی ئێمە لەسەر واتاگەلی گوناه، ددان پیانان، سزا، لێ خۆشبوون و نوێژ دارێژرا بوو، ئەوانە هۆکاری دیار و ئاشکرای پەیوەندیی نێوان مناڵ و دایك و باب بوون لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ خودادا. لەو پەروەردەکردنەدا لۆژیکێکی ناوەکی هەبوو کە ئێمە ڕێزمان لێ دەنا و پێمان وابوو لێی حاڵی بووین. دەشێ ئەم حەقیقەتە یارمەتی لە قەبووڵ کردنی سەرسوڕهێنەرانەی نازیزمدا دابێتین. ئێمە نەمانبیست باسی

ئازادیی بکرێ و کەمتریش دەمانزانی تامی چۆنە. ئاخر لە سیستمێکی دەسەڵاتخوازیدا هەمووو دەرگاکان داخراون.

بەو چەشنە سزاکان ببوونە شتی بەڵگەنەویست و هەرگیز نەدەکرا بخرێنە ژێر پرسیار. سزاکان هەندێك جار خێراو ساکار بوون وەك شەپازللە یاخود بە قوندا کێشان بەڵام بۆی هەبوو لەوپەڕی ئاڵۆزییدا بن و نەوە بەنەوە دەستیان پیاهێنرا بوو.

گەر ئێرنست ئینگمار میزی بەخۆدا کردبا، شتێك کە زۆربەی کات و بەهاسانیی روویدەدا، ئەوا دەبوو بەدرێژایی ڕۆژ تەنوورەیەکی سووری تا سەر ئەژنۆ کورت بپۆشێ. ئەم سزایە  بە سزایەکی هاکەزایی و پێکەنیناویی مەزەندە دەکرا.

تاوانە گەورەکان سزایەکی نموونەیی دەدران: سزاکە لەساتەوەختی بەرهەڵدابوونی تاوانەکەوە جێبەجێدەکرا. تاوانبار لای دەسەڵاتێکی نزم ددانی بەتاوانەکەیدا دەنا، بۆ نموونە لای ڕاهیبەگەل  یان لای دایك یاخود لای یەکێك لەو ژنە زۆرانەی خزمان کە لە ڕێکەوتی زۆری جیاوازدا لە حەوشی قەشە دەژیان.

ئاکامی دەسبەجێی ددانپیانان فەرامۆشکردنێکی ڕەهای تاوانبار بوو.. ئیدی نە کەس قسەی لەگەڵ دەکردیت و نە کەس وەڵامی دەدایتەوە. وەك تێگەیشتبم ئەمەش وای لەکەسی تاوانبار دەکرد کە بکەوێتە عەوداڵ بوون و سوێ بوونەوە بۆ سزاو لێ خۆش بوون. دوای فەراوین و قاوە خواردنەوە لایەنەکان بۆ ژووری باوك بانگ دەکران. لەوێ لێ پێچانەوەکە بەرفەراوان دەکرا و هەمدیس گوێ لە ددانپیانانەکە دەگیرایەوە. دواتر شوڵکی فەرش تەکاندن دەهێنرا و کەسی تاوانبار خۆی ژمارەی ئەو شوڵکانەی دیاری دەکردن کە دەبوو لێی بدرێ. دوای ئەوەی سزاکە دەسنیشان دەکرا، ئەوجا پشتییەکی سەوز و ڕەق دەهێنرا، پانتۆڵ و دەرپێی ژێرەوە لەبەرت دادەماڵرا، بەدەمدا لەسەر پشتییەکە ڕادەکشایت، کەسێك توندوتۆڵ ملتی دەگرت و ئیدی شوڵك دەوەشێنرا.

ناتوانم بڵێم ئەو لێدانە ئازاری هەبوو، ئاخر ئەوە کەشەکەو زەلیلییەکە بوو کە ئازاریان دەوروژان. براکەم خەراپ تر ئەو لێدانانەی پێوە دیاریی دەدا. زۆرجاران دایك لەپاڵ

سیسەمەکەیدا دادەنیشت و پشتی بۆ تەڕ دەکرد کە شوڵکەکە پێستەکەی بڕیو و هێڵی خەتخەتی خوێناویی تێ کردبوو. لەبەر ئەوەی من ڕقم لەبراکەم و لەنۆرە تووڕەییە ناکاوەکانی دەترسام، بۆیە گەلێك خەنیی بووم کە ئاوها بەو توند و تیژییە سزا دەدرا.

کە لێدانەکە تەواو دەبوو، دەبوو بونیادەم دەستی بابی ماچ کات، ئەوجا لێ خۆشبوون ڕادەگەیەنرا و باری گوناه دادەگیرا، ڕزگاریی و بەزەیی دەکەوتنە روو. بێگومان دەبوو بەبێ شێوو بەبێ موتالای شەوانە سەربنێیتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرانی باری قورسی گوناه شتێکی مەزن بوو.

جگە لەوەش جۆرە سزایەکی تر هەبوو کە سەخت بوو بۆ منالێك ترس لە تاریکیی ئازاری بدا، ئەویش بەوەی کە ماوەیەکی درێژ یان کورت لەنێو کەنتۆرێکدا زیندانیی بکرێ. ( ئالما ) لەموبەق بۆی گێڕابووینەوە کە ڕێك لەو کەنتۆرەدا مەخلوقێکی گچکە هەیە کە پەنجەی پێی منالی هار دەخوا. من بەئاشکرا دەمبیست کە کەسێك لەوێ، لە تاریکییەکەدا دەجولێتەوە، ئیدی ترسێکی بێ ئەندازە دایدەگرتم، بیرم نییە ئەوکات چیم دەکرد، دەشێ بە کەنتۆرەکەدا هەڵزنیبێتم و خۆمم بە قولاپەکانیدا هەڵواسیبێ تا لێنەگەڕێم پەنجەکانم بخورێن. ئەم شێوازەی سزادان کاریگەریی خۆی لەتۆقاندنمدا بزرکرد دوای ئەوی ڕێگەچارەیم دۆزییەوە: لە قوژبنێکی کەنتۆرەکەدا لایتێکی گلۆپ سوور و سەوزم شاردەوە، هەرکە لەوێدا حەپس دەکرام، لایتەکەم دەردەهێنا و ڕووناکیم دەگرتە دیوارەکە و وامدەنواند لە سینەمام. جارێکیان لە ناکاوێکڕا دەرگای کەنتۆرەکە کرایەوە، من لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابووم و بەدرۆوە خۆم بوورانەوە. هەمووان کە منیان بینی ترسان، جگە لەدایکم کە گومانی بە درۆوە خۆ بوورانەوەی لێکردم، بەڵام چ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو، بۆیە سزای داهاتووم بۆ نەبڕدرایەوە.

بەجۆرە سزای تریش ئاشنابووم: قەدەغەکردنی چوون بۆ سینەما، قەدەغەکردنی نان خواردن، بەزۆر هێشتنەوە لەسەر سیسەم، لەژووردا حەپس کردن، وەزیفەی زیادە لە ژماردندا، دار بەدەستتنا کێشان، قژ ڕاکێشان، پاك کردنەوەی موبەق ( ئەمەیان کارێکی

تا ڕادەیەك خۆش بوو )، ماوەیەکی دیاریکراو کەس لەگەڵت نەدەدوا ... و ئیدی بەم جۆرە.

هەنووکە من لە نائومێدیی ئەوسای دایك و بابم دەگەم. ئاخر خێزانی قەشەیەك ژیانی لە ڕووە، پارێزراو نییە لەچاوانی خەڵکیی. دەبێ ماڵەکە هەمیشە کراوە بێت. ڕەخنەو وتی وتیی خەڵکیی شتێکە بەرهەڵدا. دایك و بابم تا ئەوپەڕیی لەگەڵ یەکتریدا کۆك بوون بەڵام تەواوێك لەژێر باری ئەو گوشارە ناماقووڵەدا دەنەوین. کاری ڕۆژانەیان تەواو بوونیی نەبوو، پەیوەندیی ژن و مێردایەتییان قورس، دیسپلینیی خۆییان ڕەق. هەردوو کوڕەکەیان سیفەتە کەسێتییەکانی ئەوانیان پێچەوانە دەکردەوە کە بەردەوام خۆیانیان لەسەر ئەشکەنجەدەدا. براکەم نەیدەتوانی دابین بێ و قیرسیچمەیی خۆی کۆنترۆڵکات. باوکیش هەموو گوڕی خۆی بۆ تێك و پێك شکاندنی خستبووە گەڕ، ئەمەش شتێك بوو کە ئیدی تێیدا سەرکەوتبوو. خوشکەکەم زۆر بەتین و تاوو پاسیڤیستانە خۆش دەویسترا، ئەویش وەڵامی خۆشەویستییەکەی بە خود سڕینەوە و ترسێکی نەرم دەدایەوە.

من پێموایە دوای ئەوەی بوومە کەسێکی درۆزن، توانیم بەهاسانیی خۆم لەسزادان بپەڕێنمەوە. ئاخر کەسێکی زیادەم خولقاند کە زۆر کەم لەگەڵ واقیعییەتیی ئەو کارەدا دەهاتەوە کە من دەمکرد. لەبەرئەوەی نەمدەزانی چۆناوچۆنیی مەخلۆقەکەم و کەسێتیی خۆم لەیەکتری جیاوەکەم، ئەو مەسەلەیە دەرەنجامی درێژخایەنی لەژیانی گەورەییم و داهێنانەکانمدا بەجێهێشت. هەندێجار دەبوو سەبووریی خۆم بەوە بدەمەوە کە ئەو کەسەی لەدرۆدا بژی حەقیقەتی خۆش دەوێ.

یەکەمین درۆیەك کە لەئاگاییەوە کردبێتم بەئاشکرا لەزەینمدایە. بابم ببووە قەشەی نەخۆشخانە، ئێمە بۆ خانوویەکی زەردی نزیك پارکی گەورەی لیلەیانسکۆگن گواستبوومانەوە. ڕۆژێکی ساردی زستان بوو. من و براکەم و ڕەفیقەکانی تۆپەڵە بەفرمان دەگرتە خانوویەکی شووشەیی قەراغ پارکەکە. زۆر لە شووشەکان شکان. کابرای باخەوان یەکسەر گومانی لێکردین و لای بابم شکاتی لێکردین. ئیدی لێپێچانەوە

دەستی پێکرد. براکەم ددانی بە تاوانەکەدا نا، هاوەڵەکانیشی ددانیان بەتاوانەکەدا نا. من لە موبەق بووم و یەك پەرداخ شیرم هەڵقوڕاند. ( ئالما ) لای مێزی موبەقەوە کولێرەی دەکرد. لەمیانەی شووشەی تەماویی پەنجەرەکەوە دەمتوانی سیلەی خانووە شوشەییە شکاوەکە چاو کەم. ( سیریی ) هاتە موبەق و باسی ئەو سزا ناهەموارەی کرد کە هی براکەم و ڕەفیقەکانی دەدرێ. پرسیاری لێکردم کە چما منیش لەو وێرانکارییەدا بووم، شتێك کە لە یەکەمین لێ پێچانەوەدا نکوڵییم لێکردبوو ( ئاخر لەبەر نەبوونی بەڵگە بە شێوەیەکی کاتیی ئازاد کرابووم ). بۆیە هەرکە سیریی بە نەغمەیەکی سوعبەت ئامێزو ڕاگوزەر پرسیاری لێکردم کە چما منیش لەو شووشە شکاندنەدا بەشداربووم، من ئیدی یەکسەر تێگەیشتم کە وی دەیەوێ تێوەمگلێنێ، بۆیە بەدەنگێکی ئارام وەڵامیمدایەوە کە من تەنها ڕاوەستا بووم و بۆ ساتەوەختێك تەماشایانم کردووە، چەند تۆپەڵێ بەفری گچکەم هاویشتووە کە بەر براکەم کەوتوون، پاشان لەبەر ئەوەی قاچم تەزیوە بۆ ماڵەوە گەڕاومەتەوە. بەئاشکرا بیرمە ئەوکات هات بەخەیاڵما کە: دەبێ بونیام ئاوها بدوێ کاتێ درۆ دەکات.

ئەوە داهێنراوێکی بێ ئەملاولا بوو. بڕیارمدا بەهەمان لۆژیك و وەك ( دۆن جوان ) ی مۆللێر، ببمە کەسێکی فێڵباز. نامەوێ لافی ئەوە لێ بدەم کە من هەموو کاتێ بەهەمان تەرز سەرکەوتوو بووم، ئاخر گا بەهۆی کەم ئەزموونییەوە کەشف دەبووم و گا ڕەوتاری سەیرم دەنوواند.

خێزانەکەمان خزمێکی زۆر دەوڵەمەند و خێرەومەندی هەبوو کە ناوی پوورە ( ئاننا ) بوو. هەمووجار داوەتی دەکردین بۆ ئاهەنگی منالآن بە جادووبازیی و شتی خۆشی ترەوە، وی هەمیشە لەدوای ئاهەنگەکانیش دیاریی گرانبەهای سەری ساڵی دەداینێ، هەموو بەهارانێکیش دەیبردین بۆ یەکەمین نمایشی سێرکی شۆمان لە یۆرگۆردن. ئەو ڕووداوە خستمییە نێو وروژانێکی بەتین و تاوەوە: سەفەر بە ترومبێل لەگەڵ شۆفێرەکەی پوورە ئاننا و بەلای خانووە دارینە گەلێك ڕۆشنەکانا، بۆنگەلی نهێنیی ئامێز، کڵاوە

زلەکەی پوورە ئاننا، هەرا و زەنای ئۆرکیستراکە، ئەفسوونی خۆئامادەکردنەکان، نەڕەی ئاژەڵە کێوییەکان لەودیو پەردە سوورەکانی دەرگای سیرکەکەوە. یەکێك چرپاندی کە شێرێك لە دەریچەیەکی ژێر گومەزەکەوە دەرکەوتووە و ئیدی گاڵتەگێڕەکان ترساون و زۆر تووڕەبوون، من لەهەژاندا خەو دەیبردمەوە و بەدەنگی مۆسیقایەکی خۆش وەئاگادەبوومەوە: کیژێکم دەبینیی بەجلکی سپیی و بەسواری ماینێکی تابلێی ڕەشەوە.

من کەوتمە داوی ئەڤینی ئەو ژنە جحێڵەوە و وی تەواوێك گەمە فانتاسییەکانی گەمارۆدا. من ئەو ژنەم بە ( ئیسمێرالدا ) بانگ دەکردو ڕەنگبێ خۆیشی ناوی هەر ئەوە بووبێ. دەرەنجام خەیاڵم سەختترین ڕێچکەی بەرەو واقیع گرتەبەر کاتێ ئەو نهێنییەی خۆم لای هاوپۆلێك و هاو ریحلەیەکم درکاند کە ناوی ( نیسسێ ) بوو، نهێنیی ئەوەی کە دایك و بابم بە سیرکی شۆمانیان فرۆشتووم و بەو زووانە لە ماڵ و لە قوتابخانە دەردەهێنرێم تا بکرێمە ئەکرۆبات و پێکەوە لەتەك ئیسمێرالدا ی شاجوانیی ژنانی دونیادا بکەومە پاڵەوانبازیی. بۆ ڕۆژی دوایی خایلەکەم بڵاوبۆوە و ئابڕووم برا.

خانمی مامۆستای پۆل مەسەلەکەی هێند بە خەتەر وەرگرت کە نامەیەکی تووڕەی بۆ دایکم نووسی. ئیدی ئەوە دادگاییەکی خەتەرناکی لێکەوتەوە. ڕووە و دیوار ڕاگیرام، لە ماڵ و لەقوتابخانە زەلیل و ڕیسوا کرام.

پەنجا ساڵ دواتر لەدایکم پرسیی کە چما مەسەلەی فرۆشتنەکەمی بە سیرك لەیادە. دایك بەچاکیی لەیادیی بوو. ئەوجا لێیم پرسیی ئەدی بۆچی کەس بە سوعبەت مەسەلەکەی وەرنەگرت یاخود هاوسۆزیی بەرامبەر ئاوها فانتاسیا و چاوقایمییەك نەنواند. ئەدی بۆچیی کەس نەیتوانی لەخۆی بپرسێ باشە بۆچ منالێکی حەوت ساڵانە دەخوازێ ماڵ جێبێڵێ چونکە بە سیرکێك فرۆشراوە. دایك وەڵامیدامەوە ئاخر خۆی و بابم زۆر جاران بەدەست درۆو فانتاسییەکانمەوە هەراسان ببوون. دایك ئەوکات لەحەژمەتا ڕاوێژی بە پزیشکێکی بەنێوبانگی منالان کردووە و ئەویش بۆی دووپات کردۆتەوە کە چەند گرنگە منال لە زووەوە فێربێت جیاوازی لەنێوان فانتاسیا و واقیعدا

بکات. بۆیە کە بونیادەم درۆیەکی دزێوو شاخداری کرد، ئەوا دەبێ سزایەکی حیسابیی لەسەر بدرێت.

حەقم لەو هاوڕێیەی پێشووم کردەوە بەوەی بە چەقۆی براکەم بە دەوری حەوشی قوتابخانەدا ڕاومنا. کاتێ ژنە مامۆستایەك کەوتە بەینمانەوە، من هەوڵمدا مامۆستاکە بکوژم.

لە قوتابخانە دوورخرامەوە و فەلاقەیەکی باشکرام. پاشان ئەو هاوڕێ خەراپەم ئیفلیجیی منالآن لێیداو مرد. من خەنیی بووم. بۆ ماوەی سێ هەفتە لەقوتابخانە مەرەخەسیان کردین و ئیدی هەموو شتێ لە بیر کرا. بەڵام من خەیاڵم هەر لای ئێسمێرالدا بوو. سەرچڵییەکانمان خەتەرترو ئەڤینەکەمان بەلرفەتر ببوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا کیژێکی ترم لە پۆلەکەماندا خۆشویست کە ناوی ( گلادیس ) بوو. بەو جۆرە من خیانەتم لە( تیپان )، لە هاوگەمە بەوەفاکەی خۆم کرد.

پارکی سۆفیاهێم گەورە بوو، بەسەر ( ڤالهالا ڤێگێن ) دا دەینۆڕیی، دیوێکی ڕووە و یاریگاکە و دیوەکەی تری ڕووە و قوتابخانەی باڵای تەکنەلۆژیا و بە قووڵیی بۆ ناو لیلیانسسکۆگن درێژببۆوە. ئاپارتمانەکان زۆر نەبوون و لێرەو لەوێ لە ڕووبەرێکی فەراوانی بەرزایی و نزمانیدا بڵاو ببوونەوە.

تا ڕادەیەك بەئازادیی پیاسەم بەو ناوەدا دەکرد و زۆر لە شتەکانم ئەزمون دەکرد. بەتایبەتیی گۆڕستانی کڵێسایەك، کە بینایەکی چکۆڵەی بەخشت ڕۆنراو و دوور لەوسەری پارکەکەوە بوو، سەرنجمی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. لەمیانەی هاوڕێیەتیی بەستنم لەگەڵ پاسەوانی نەخۆشخانەکەدا کە جەنازەی لەنەخۆشخانەکەوە بۆ قەبرسانی کڵێساکە دەگوازتەوە، زۆر چیرۆکی سەیرم بیست و زۆر جەنازەم لە جۆرەها داوەشانی جیاوازدا بینی. بینایەکی تر کە لە ڕاستیدا چوونە ژوورەوە بۆی قەدەغە بوو، ئەو بینایە ماشێنی

ناوەندیی لێ بوو کە تیایدا چوار فڕنی گەورە نێڵەیان دەهات. بە گالیسکەی واگۆن خەڵوز دەهێنراو لە لایەن کەسانی ڕەشەوە دەڕژێنرایە ئاگرەکەوە. واگۆنەکان لە ئەسپ بەسترابوون و لەهەفتەیەکدا چەند ڕۆژێك دەهاتن. گونییەکان لەلایەن زەلامگەلی ڕوخسار بە جەلاتین پۆشراوەوە بۆ ئەو دەلاقە پۆلاییینانە هەڵدەگیران. ئاوها جاروبار کاروانی نهێنیی لە پارچەی خوێناویی جەستە و دەست و قاچی بڕدراو دەهێنران و لە کورەکانا دەسوتێنران.

یەکشەممە نا یەکشەممەیەك بابم قوداسی باڵای لە کلێسای نەخۆشخانەکە ڕێکدەخست و کلێسا پڕ دەبوو لە سیستەری جلکی ڕەشی یەکشەمموان پۆش بە چارشێوی سپیی و کڵاوی سۆفیاهێمیان نابووە سەر پرچە جوان بڕدراوەکانیانەوە. بەرامبەر حەوشی قەشە خانووی سۆلهێم هەبوو کە سیستەرە زۆر پیرەکان، ئەوانەی کە ژیانی خۆیان بەخشیبووە نەخۆشخانەکە، دەژیان. ئەوانە وەکی ڕاهیبە دەژیان بە دابی توندوتیژی دەیرەوە.

هەر بەڕاست من بە خواست و پەیجۆرییەوە بیر لەو ساڵانەی ئەووەڵینم دەکەمەوە. فانتاسیا و هەستم خۆراك دەدران و چ ساتەوەختێکم بیرنایەتەوە کە بێزار بوویێتم. بە واتایەکی تر ڕۆژەکان و سەعاتەکان دەتەقینەوە بەساتە وەختی نایاب و خەونی چاوەڕوان نەکراو و ساتەوەخت گەلی ئەفسوناویی. ئەلعان هێشتا دەتوانم بەنێو دونیای مناڵییمدا بێم و بچم و سەرلەنوێ ڕوناکیی و بۆن و خەڵك و ژوور و لەحزە و ئیماو نەغمەو شتەکان ئەزمون بکەمەوە. ئەو لەحزانە بەدەگمەن لەگەڵ کەسێکدا باس دەکرێن، بە واتایەکی تر فیلمی کورت یاخود درێژن و بەتەرزێکی هەڕەمەکیی دەرهێنراون.

ئیمتیازەکانی منداڵێتیی: ئەوەیە کە بێ چ ڕێگرێك لە نێوان سیحر و شۆربای ئاردی جۆدا بجولێیت، لە نێوان ترسێکی بێسنوورو شادومانییەکی تەقینەوەییدا بجولێیت. چ سنوورێك نییە تەنها قەدەغەکان و یاساکان نەبێ کە تاریك و زۆر جاریش تێگەیشتن لێیان زەحمەتە. بۆ نموونە بیرمە من لە ژماردنی کات نەدەگەیشتم. دەیانگوت: تۆ ئیدی پێویستە لەگەڵ کاتدا ڕابێیت، تۆ ئیدی کاتژمێرێکت هەیە و خۆیشت فێری کاتژمێر

کردووه. لەگەڵ ئەوەشدا بە ژماردنی کات ڕانەهاتم. ئاخر من درەنگ دەگەیشتمە قوتابخانە، درەنگ بە ژەمە خواردنەکانا ڕادەگەییشتم، بێ پەروا لە باخچەی نەخۆشخانەکەدا دەهاتم و دەچووم، شتم دەبینی و خەیاڵم دەکردەوە، کاتەکە بەسەردەچوو، شتێك بیری دەخستمەوە کە ڕەنگبێ برسیم بێ و ئیدی ئەوە شەڕێکی بۆ دەنامەوە.

سەخت بوو شتە فانتاسیا کراوەکان لە شتە واقیعییەکان جیاوەکەیت. گەر زۆرم لەخۆم کردبا ئەوا دەشێ توانیبام واقیعییەتم وەك واقیع بینیبا، بەڵام ئاخر خێوو تارمایی هەر هەبوون. ئەدی چیم لێکردبان؟ ئەدی حەکایەتەکان، چما واقیعیی بوون؟ ئەدی خودا و فریشتەکان؟ ئەدی مەسیح؟ ئادەم و حەوا؟ تۆفانی نوح؟ هەر بەڕاست ئەدی ئیبراهیم و ئیسحاق چین؟ چما ئایا ئیبراهیم نیازی سەربڕینی کوڕەکەی هەبوو؟ بە ورووژانەوە دیقەتی پەیکەرە لە کانزا هەڵکۆڵراوەکەی (دۆرێ) * م دەدا، خۆم لێ دەبوو بە ئیسحاق، ئەمە حەقیقەت بوو: باوك نیازی هەبوو سەری ئینگمار ببڕێ، بیرکەوە چ دەبوو گەر مەلایکەتەکە دواکەوتبا. ئەوا ئەوان دەگریان، خوێن فیچقەی دەکردو ئینگماریش بە ڕەنگپەڕییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. ئەمە حەقیقەت بوو.

ئەوجا نۆرەی عاریزەی فیلمەکە هات.

*

چەند هەفتەیەك پێش جێژنی لەدایك بوون بوو. جەنابی ( یانسۆن )، شۆفێرەکەی پوورە ئاننای بێ ئەندازە دەوڵەمەند، جلکی رەسمیی شۆفێریی لەبەردا و بە بڕێك دیارییەوە هات و هەروەك جاران خستنییە زەمیلەی دیارییەکانی سەری ساڵەوە لە گەنجینەی ژێر

---

* Gustave Dore : 1832 _ 1883 گرافیکێرێکی بەنێوبانگی فەرەنسییەو یەکێکە لەگەورەترین ئەو هونەرمەندانەی کە سالانی سەدەی نۆزدە وێنەی گرافیکیان بۆ کتێب کێشاوە. و. کوردی

قاڵدرمەی نهۆمی دووەمدا. بەتایبەتی کارتۆنێکیان تێدا بوو کە سەرنجی نەدی و بدییانەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشا: ئەوە کارتۆنێکی قاوەیی ڕەنگ و خواروخێچ بوو کە لە کاغەزی سەر کارتۆنەکە نووسرا بوو: فۆشنێش. فۆشنێش کارخانەیەکی فۆتۆگراف بوو لە هامنگاتسباکێن. ئەو کارخانەیە تەنها کامێرای نەدەفرۆشت، بەڵکو کامێرای سینەمایی ڕاستەقینەشی دەفرۆشت.

من زیاتر لەهەر شتێکیتر حەزم لە کامێرایەکی سینەمایی بووە. ساڵێك پێشتر بۆ یەکەمینجار چووبووم بۆ سینەماو لەوێ فیلمێکم بینی لەبارەی ئەسپێکەوە، وابزانم ئەو فیلمە ناوی ( ڕەشە جوانەکە) و بیرۆکەی فیلمەکە لە کتێبێکی بەناوبانگی منالانەوە هەڵگۆزرابوو. ئەو فیلمە لە سینەمای ( ستیور ) پیشاندرا و ئێمەیش لە ڕیزی پێشەوە دانیشتین. بۆ من ئەوە سەرەتا بوو. لەوێدا تایەکم لێهات کە ئیدی هەرگیز بەرینەدام. ئەو سێبەرە بێدەنگانە ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوەکانیان دەکردە من و بە دەنگێکی نەبیستراو لەگەڵ نهێنیترین هەستمدا دەئاخڤین. شەست ساڵ تێپەڕیوە، چ شتێك نەگۆڕاوە، هەنووکەش هەمان ( تا ) بەری نەداوم.

دواتر لە پاییزدا سەردانی هاوپۆلێکی خۆم کرد. وی ئامێرێکی نومایشی سینەمایی و چەند فیلمێکی هەبوون. دیدارێکی بۆ من و تیبان رێکخست. من ڕوخسەتم وەرگرت کە ئامێرەکە ئیش پێ بکەم و خانەخوێش کەوتە موغازەلەکردنی تیبان.

جێژنی لەدایکبوون جێژنێکە تەژیی بە خواست و ئومێد. دایك بە دەستێکی پۆلایینەوە ئەو جێژنەی بەڕێوە دەبرد. ئاخر دەبوو ڕێکخستنێکی مەزن هەبێ لەودیو سروتی میوانداریی و ژەمە خواردن و دیدەنی خزمان و دیاریی جێژنی لەدایك بوون و خۆئامادەکردنە کەنیسەییەکانەوە.

لای ئێمە ئێوارەی جێژنی لەدایکبوون جێژنێکی ئارام بوو کە سەعات پێنج بە نوێژی جێژنی لەدایکبوون لە کڵێسا دەستی پێ دەکردو پاشان بە ژەمێکی دڵشادانە بەڵام جلەو گیراو و داگیرساندنی مۆمی سەر پەلکی درەختی لەدایك بوون و خوێندنەوەی ئینجیل و

زوو چوونە نێو جێگەوە درێژەی پێدەدرا، ئاخر دەبوو زوو لەخەو ڕابین و فریای ڕێ و ڕەسمی نوێژی بەیانیی لەدایك بوون کەوین کە ئەو دەور و زەمانە هەر بەڕاستیی نوێژی بەیانیی بوو. هێشتا چ دیارییەك دابەش نەکرابوو، بەڵام ئێوارە بە شادومانییەوە بەسەردەبرا کە تیایدا پێشەکی گەلی فێستیڤاڵەکانی لەدایك بوون دەژەنرا. دوای نوێژی بەیانیی بە مۆم و شەیپوورەوە، چێشتی بەیانیی جێژن دەخورا. ئیدی باوك ئەرکە کەهنووتییەکانی بەجێهێناون و جبە قەشەییەکەی دادەکەند و پاڵتۆیەکی ڕەشی دەپۆشیی. وی میزاجی ساف و گوتارێکی ئیرتیجالیی بە شیعر بۆ میوانەکان دەبێژا، گۆرانییەکی بەو بۆنەیەوە دەچڕیی، پێکی شەراب لەبەختەوەریی یەکتر هەڵدەبڕا، بابم لاسایی هاوکارەکانی دەکردەوە و ئەوجا هەمووان پێدەکەنین. هەندێ جار بیر شادییە ساکار و دڵخۆشیی و نازکیی و سەخیی تەبعییەکەی بابم دەکەونەوە بیر. هەموو ئەوانە لەودیو تاریکیی و قورسایی و دڕندەیی و دەسبڵاوییەکەیەوە شاردرابوونەوە. کە بیر لە هەموو ئەوانە دەکەمەوە، پێم وادەبێ کە من لەزەینمدا بەرامبەر بابم ناحەقیم کردووە.

دوای بەرچایی، هەمووان دەچوونەوە نێو نوێنەکانیان و بۆ چەند سەعاتێك دەنووستن. دەبوو ئەو ڕێکخستنە ناوەکییە هەر لەکاردا بێ، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ و ڕێك لەکاتی خۆرئاوابووندا قاوەی پاش نیوەڕۆ دەهێنرا. ئەوە ئیدی دەرگای ماڵ دەکەوتە سەر پشت بۆ هەموو کەسێ کە ئارەزوو بکا پیرۆزیایی جێژنی لەدایك بوون لەحەوشی قەشەدا بکات. ژمارەیەك لە میوانەکان مۆسیك ژەنی حیسابیی بوون و ئیدی بەزۆریی ئاهەنگی پاش نیوەڕۆ دەبووە کۆنسێرتێکی ئیرتیجالیی. بەو جۆرە ترۆپکی بەتامترین ڕۆژانی جێژنی لەدایك بوون نێزیك دەبۆوە کە ئەویش ژەمی شێو بوو. ئەو ژەمە لە موبەقە فەراوانەکە دەخورا و ئیدی بە شێوەیەکی کاتیی ئەتەکێتیی کۆمەڵایەتیی هەڵدەگیرا. هەموو خواردنەکەکان لەسەر مێزی موبەق دادەنران و سەری قاپەکان دەنرانەوە، ئاخر دیارییەکانی جێژنی لەدایك بوون لەسەر مێزی خواردن دابەش دەکران. زەمیلەکان دەهێنرانە ژوورێ، باوك بە سیگارێك و پەرداخێك بادەی ( پونش ) ەوە سەرپەرشتیی

دابەشکردنی دیارییەکانی دەکرد، شیعر دەخوێنرایەوە، چەپڵە لێدەدرا و شیعرەکە ڕاڤە دەکرا. ئاخر بەبێ شیعر دیاریی نەبوو.

هەنووکە نۆرەی عاریزە سینەماییەکە هات. براکەم ئەوەی وەرگرت.

کوتوپڕ بۆڕاندم، بەتوندی سەرکۆنە کرام، خۆم لەژێر مێزەکەدا شاردەوە و لەوێدا دامە قوڵپی گریان، داوایان لێ کردم بیبڕمەوە و کڕ بم، ڕامکردە ژووری منداڵ، لەوێ کەوتمە جنێودان و نەفرەت کردن، بەخەیاڵمدا هات ڕاکەم، دواجار لەحەژمەت خەفەت خەوم لێکەوت.

ئاهەنگەکەش هەر درێژەی هەبوو.

ئێوارەیەکی درەنگ خەبەرم بۆوە. ( یرترود ) لەخوارەوە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی دەچڕیی، گلۆپەکانی شەو داگیرسابوون. سلایدی کادانی لەدایك بوون و مەعبودی شوانانی کلێسا بەکزیی لەسەر ڕەفەی دۆڵابە بەرزەکە دەدرەوشایەوە. لەسەر مێزە سپییە چەرمەکە و لەنێو دیارییەکانی تری براکەمدا، عاریزە سینەماییەکە بە لوولە چەماوەکەی و عەدەسەی مسینی جوان و شوێنی بەکرەی فیلمەکانییەوە، دیار بوو.

بڕیارێکی خێرامدا، یەکەندەردوو براکەم خەبەرکردەوە و سەوداو مامڵەیەکم لەگەڵدا کرد. پێشنیارم بۆ کرد سەد سەربازە فافۆنەکەمی بدەمێ و ئەویش عاریزە سینەماییەکەیم بداتێ. ئاخر ( داگ ) ی برام خاوەن سوپایەکی گەورە و هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە شەڕەوە دەگلا. ڕێکەوتننامەکە بە قایل بوونی هەردوولامان بەسترا.

ئیدی عاریزەی فیلمەکە بووە هی خۆم.

ئەوە ئامێرێکی ئاڵۆز نەبوو. سەرچاوەی ڕوناکییەکەی گلۆپێکی کیرۆسین بوو، هەندلەکەشی بەسترابوو لە خولخلۆکەیەکی ددانداز و دەسکێکی خاچ ئاساوە. لەڕووی دواوەی سنوقی سلایدەکاندا ئاوێنەیەکی هاکەزایی هەبوو. لەودیو عەدەسەکەیەوە کونێك هەبوو بۆ شریتی ڕەنگاوڕەنگی فیلمەکە. ئامێرەکە سنوقێکی چکۆڵەی ئەرخەوانیی ڕەنگی چوارگۆشەی هەبوو. بەشێکی هەندێ سلایدی شوشەیی تێدابوو،

بەشەکەی تریشی فیلمێکی زەردباوی سی و پێنج میللیمیی لەخۆگرتبوو. فیلمەکە نزیکەی سێ مەتر درێژ و بە بەکرەیەکەوە چەسپێنرابوو. لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: ئەم فیلمە ناوی خاتوو ( هۆلێی ) یە. ئەدی ئەم خاتوو هۆلێیە کێ بوو؟ کەس نەیدەزانی، بەڵام دواتر ڕوون بۆوە کە ئەو ناوە سینۆنیمێکی میللیی زاراوەی خواوەندی ئەڤینە لای میللەتانی زەریای ناوەڕاست.

بۆ بەیانیی خۆم خزاندە کەنتۆرە فەراوانەکەی ژووری منالآن، عاریزەکەم لەسەر قوتوویەکی شەکر دانا، گلۆپە کیرۆسینەکەم داگیرساند و ڕوناکییەکەیم ئاراستەی دیوارە بە سپیی بۆیاخکراوەکە کرد. پاشان فیلمەکەم لەناو عاریزەکە نا.

لەسەر دیوارەکە وێنەی مێرگێك وەدیارکەوت. کیژێك لە مێرگەکەدا ڕاکشابوو، بەئاشکرا دیار بوو کە جلکی خۆماڵیی پۆشیوە. هەندلەکەم جولآند ( ئیدی شتێك ڕوویدا کە ڕاڤە ناکرێ، ناتوانم بە وشەیەك سەرسامیی خۆم دەربڕم، دەتوانم لەهەرکاتێکدا بۆنی میتاڵی گەرم، بۆنی غوبار و دەرمانی مۆرانەی ناو کەنتۆرەکە، بۆنی هەندەلەکەی ناو دەستم و سێبەرە لاکێشەییە جولآوەکەی سەر دیوارەکە لە یادەوەرییمدا بژێنمەوە.)

هاندلەکەم جولآند و کیژەکە خەبەری بۆوە، دانیشت، بە کاوەخۆ هەستایە سەر پا، دەستی ڕایەڵ کرد، سوڕایەوە و لای ڕاستەوە دیارنەما. خۆ گەر لە بادانی هاندلەکە بەردەوام بام، ئەوا کیژەکە هەمدیس لەوێدا ڕادەکشایەوە و هەموو جووڵەکانی پێشووی دووبارە دەکردنەوە.

ئاخر دواجار ئیدی ئەو جووڵا بوو.

*